گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی مۆرفیمی ( دە ) لە زمانی کوردیدا

**پ.ی.د. عاطف عبدالله فەرهادی**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین، هةولیر، هةریمی کوردستان، عیراق
atif.farhad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Morpheme, Bound Morpheme, Prefix, Suffix, Derivational Words*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.12

**پوختە**

ئەگەر ئێمە بە دوای ئەرک و جۆرەکانی مۆرفیمدا بگەڕێین، دەبینین لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مۆرفیم هەن ڕۆڵی گرنگ و چالاکیان لە ئاستەکانی زماندا هەیە، بەتایبەتی لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا، مۆرفیمی (دە) ش یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە لە ڕوی بەکارهێنانەوە زۆر چالاکە لە ئاستی ڕێزماندا، بۆیە توێژینەوەکەی ئێمەش بە ناونیشانی(ڕۆڵی مۆرفیمی (دە) لە زمانی کوردیدا)یە، بە تایبەتی لە زاری کوردی ناوەڕاستدا. ئەم مۆرفیمە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ و جیاواز دەبینێ لەم زارەدا، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی زمانەوانی زانستیانەی لەبارەوە نەکراوە کە هەمو جۆر و ئەرکەکانی تێدا دەستنیشان کرابێ، واتە هیچ بەرهەمێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان نەکراوە، جگە لە هەندێ ئاماژەی زمانەوانان نەبێت، کە لەپاڵ هەندێ بابەتی تردا باسی لایەنێکی ئەم مۆرفیمەیان کردوە، بۆیە لەبەر ئەم هۆیە و گرنگی ڕۆلی ئەم مۆرفیمە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردوە، بەمەبەستی ئەوەی بەپێی توانا لەم مۆرفیمە بکۆڵینەوە و ئەرکە جیاوازەکانی دەستنیشان بکەین.

## پێشەکی:

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (ڕۆڵی مۆرفیمی (دە) لە زمانی کوردیدا)یە و هەوڵێکە بۆ خستنە ڕوی ڕۆڵی مۆڕفیمی (دە) لە زمانی کوردیدا، بەتایبەت زاری ناوەڕاست، توێژینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دو بەش پێکدێت:

لە بەشی یەکەمدا پێداچونەوەمان بەسەر هەندێ لەو کارانەدا کردوە، کە باس لە مۆرفیمی (دە) دەکەن وبیروڕای خۆمان دەربارەیان ~~دە~~نوسیوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی گشتی ئەو کارانە.

لەبەشی دووەمدا، لە تەوەری یەکەم بە کورتی باس لە مۆرفیم وجۆرەکانی دەکەین. لەتەوەری دووەم بەشێوەیەکی فراوان ڕۆل و جۆر و ئەرکەکانی مۆرفیمی (دە) لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە زاری کوردی ناوەڕاستدا دەستنیشان دەکەین .

ڕێبازی توێژینەوەکەشمان وەسفی شیکاری یە، نمونەو داتاکانیشمان بە زۆری لە شیعرو پەندی پێشینان و قسەی ڕۆژانەی خەڵک وەرگرتوە.

## بەشی یەکەم

چاوخشاندنێک بەو کارانەی کە لە(دە) دواون:

-سەعید صدقی کابان لە کتێبی مختصر صرف و نحوی کوردی (١٩٢٨) لە باسی ئادات دا (ل٦٩) بەم شێوەیە باسی ئەم مۆرفیمە دەکات:

١- (دە) ادات استقبالە وەکو- ( دەخوێنم، دەنوسم).

٢- ادات ماضی استمراریيە وەکو- (دەم خوێند، دەم نوسی).

٣-بۆ تاکید فعل امر حاضرە وەکو- ( دەبنوسە).

٤- بۆ امر غائبە وەکو –(دەبا بنوسی).

لێرەدا نوسەر بە ئادات ناوی بردوە، ڕستەی سێیەم و چوارەم یەک ئەرکیان هەیە، کە ئەو بەجیای داناون، چونکە دەتوانین بۆ حاضریش بڵێین – دەبا بنوسم.

- مامۆستا نووری عەلی ئەمین(١٩٦٠) لە باسی فرمانی ڕانەبردوودا(ل١٠) دەڵێ: فرمانی ڕانەبردووی گێڕاوەیی لە پێشگری (دە) و لەڕەگی چاوگی ڕیشەیی، تێپەڕ یان تێنەپەڕ، لەگەڵ ڕاناوی کەسی لکاودا پێک دێت وەک:(دە +فرۆش +م = دەفرۆشم ) کە لە چاوگی فرۆشتن وەرگیراوە. هەروەها لەلاپەڕە (١٥) شدا دەڵێ: فرمانی ڕابردووی بەردەوامی درێژەدادڕ بە هۆی پێشگری (دە) لە ڕابردووی بینراو وەردەگیرێ وەک: - سێوم <u>دە</u>خوارد. (دە)، چونکە بەردەوامی کردەوەکە دەگەیەنێت لەمەوبەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوسەر لێرەدا  بە پێشگر ناوی دەبات نەک ئادات ، هەروەها تەنیا یەک حالەتی دەستنیشان کردوە ئەویش وەکو پێشگر بۆ ڕانەبردوی گیراوەی و بۆ ڕابردوی بەردەوامی درێژەدادڕ ، ئەرکەکانی تری باس نەکردوە.

-توفیق وەهبی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە بابەتی ئەسڵی پیتە قاڵبی (دە)و (ئە) وە دەڵێ: لەباتی (ئە)ی پیتە قاڵبی (دە) بەکاربێنین، ئەمە کردارێکی دژوارنییە بۆمان، چونکە شیوەکانی سۆرانی( قەزاکانی موحافەزەی هەولێر وقەزای ڕانیە) کە وەکو زمانی سلێمانی ئەندامی کرمانجی ناوەڕاستن،وەگشت شێوەکانی کرمانجی باکوریش دەمێکە (د)ی کلۆریان دەرپەڕاندوە، لام وایە لە بەکارهێنانی (د)ی پتەودا باشتر ئەوەیە کە لاسایی شێوەی سۆرانی بکەین.

نوسەر لێرەدا پێچەوانەی نوسەرانی سەرەوە /دە/ی بە پیت داناوە کە پەیوەندی بە ئاستی دەنگسازییەوە هەیە،کەچی خۆی لە روی دەنگسازییەوە لە دوفۆنیم پێکهاتوە نەک یەک پیت، واتە مۆرفیمە.

- مامۆستا سالح حسین پشدەری (١٩٨٥) لە بابەتی وشەی ئامرازیدا(ل ٦٥) لەژێر ناونیشانی ئامرازی هەرەمەیی، بۆ هاندان و واق وڕمان وپەسن و پلار و خۆزی و... هتد باسی (دە)ی کردووە، کە بە ئامرازی هەرەمەیی داناوە. کە ئەم نموونانەی بۆ هێناوەتەوە:

- **(دە)** فەرموو بیدوێنە.

- **(دە** با)  پیاسەێکی لێ بکەین.

نوسەر تەنیا باسی جۆرەکیانی کردوە ئەویش بە ئامرازی هەرەمەیی داناوە لەم ڕستانەی سەرەوە باسی جۆرو ئەرکەکانی تری نەکردوە.

- مامۆستا ک.ک کوردۆییف (١٩٨٤) لە بەشی ژمارەدا (ل١١٤) باس لە جۆرەکانی دەکات. لەجۆری ژمارەی بنجی دا باسی (دە)ی کردووە. وەک؛ - **دە** قەڵەمم هەیە. (دە) ژمارەی بنجییە. هەروەها لە لاپەڕە(١٧٧) دا دەڵێ: (دە) بناخەی کاری ڕانەبردووە لە ڕەگی نەچەسپیووەوە دارێژراوە و لەگەڵ لەنێوچوونی دەنگی بزوێن یان گۆڕانی بە دەنگێکی تر، کە لە چاوگی (دان) وەرگیراوە، (دا)ش بناخەی کاری ڕابردووە. هەروەها لە لاپەڕە(٢٣١) دا لە باسی کاری ڕابردووی بەردەوامی هەمیشەیی دا دەڵێ: کاری ڕابردووی بەردەوامی لە بناخەی کاتی ڕابردوو بە پێشکەوتنی پیتی (دە) لە موکری و هێندێک بەشە دیالێکتی

دیش لە کرمانجی خواروودا بەکاردێت وەک: بەشە دیالێکتی هەولێر، قەڵادزە و پشدەر... بە پێش بناخەوە و پێوەلکانی کۆتایی کەسی جۆری دووەم – وەک:

- ئەوان دەکەوتن.

لەلاپەڕە (٣٠٢)شدا لەکاتی ڕانەبردوو- داهاتوودا باس لە (دە) دەکات و دەڵێ: لە (-دەتبینم) (دە) نیشانەی کاتی ئێستایە، بەلام لیرە نیشانە نییە مۆرفیمی بەردەوامییە، (ت) بەرکارە. بریتییە لە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک، (بین) بناخەی کاری ڕانەبردووە (م) کۆتایی کەسییە بۆ یەکەمی تاک.

هەروەها لەلاپەڕە (٣١٨) دا لە باسی ئامراز بە ئامرازی سادەی داناوە، کە ئەوانە دەگرێتەوە(لە، بە، وە(دە)) دەڵێ: ئامرازی(دە) لەموکری لە ڕووی واتا و ئەرکەوە لەگەڵ ئامرازی لە سۆرانی ڕێک دەکەون، کە شوێنی ڕووداو تا شوێنی شت پیشان دەدات ودۆخی شوێنیش دەردەبرێت و لەگەڵ ڕێچکەکەی ( - دا).

نوسەر هەندێک لە ئەرکەکانی دەستنیشانکردووە وەک ژمارە و ڕەگی کار وئامراز و هەروەها لە رابردوی بەردەوامدا /دە/ی بە پیت داناوە کە چی پیت نییە و مۆرفیمە.

- لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١) لەباسی کاری ڕابردووی ئیستمراری(بەردەوامی)دا دەڵێن لەزاری کرمانجی خواروودا ئیشارەتی موضارەعەت(دە) دەخرێتە پێش کاری تێنەپەری ڕەبەق، وەک:

| | |
|---|---|
| - دەهاتم | دەهاتین |
| - دەهاتی | دەهاتن |
| - دەهات | دەهاتن. |

بۆ نەفی ئامرازی (نە) دەخرێتە پێش صیغەی سەرەوە وەک: نەدەهاتم، نەدەهاتین...

لە تێپەڕدا لە زاری کرمانجی خواروودا لە پێشەوە ئیشارەتی کارەکە دێت، بە دوای ئەودا ڕاناوی لکاو ئەنجا کارەکە دێت، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| - دەمگرت. | دەمانگرت. |
| - دەتگرت. | دەتانگرت. |
| - دەیگرت. | دەیانگرت. |

لە حاڵەتی نەفیشدا ڕاناوی لکاوی دێتە پاش ئامرازی (نە) ئەوجا ئیشارەتی موضارەعەت و کارەکە دێن، وەک:

نەمدەگرت. نەماندەگرت.

نەیدەگرت. نەیاندەگرت.

نوسەر ئەم مۆرفیمەی بە نیشانە داناوە بۆ رابردوی بەردەوام و ڕانەبردو،

هەروەها لە لاپەڕە (٢٥٩) دا نوسەر (دە)ی بە پریپۆزشن داناوە لە پاڵ (لە، ژ، د، ..)دا.

- محەمەد مەعروف فەتاح وسەباح ڕەشید قادر لە کتێبی چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردیدا لە لاپەڕە(١١) دا باس لەمۆرفیمەکان دەکەن لە بارەی مۆرفیمی (دە)ش دەڵێن: لە کوردی ناوەڕاستدا مۆرفیمی ڕووکاری بەردەوام لە ڕابردوو ڕانەبردوودا شێوەی (دە-) وەردەگرێ وەک لە: دەڕۆم. دەم خوارد.

بەڵام دەکرێ بگوترێ ئەم ئەلەمۆرفە لەوکاتانەدا کە (نا-) ی پێش دەکەوێ- واتە لە ڕووکاری بەردەوام لە ڕانەبردوودا لە شێوەی سفردا دەردەکەوێ وەک: نارۆم.

هەروەها لە لاپەڕە (٦٢) دا (دە) یان بەگیرەگی ڕێزمانی داناوە.

لێرەدا تەنیا ئەم نوسەرانە لە رابردوی بەردەوام و ڕانەبردودا بە مۆرفیمی ڕوکاری بەردەوام ناوی دەبەن و بە گیرەکی ڕێزمانیان داناوە ، ئەمانەش وەکو نوسەرانی تر ئەرکەکانی تریان دەستنیشان نەکردوە.

-بازیان یونس محی الدین لە نامەی ماستەرەکەیدا کە بەناونیشانی (پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی وسینتاکس)ە، باس لە گیرەکی ڕێزمانی و وشە دارێژ دەکات لە تایبەتییەکانیدا دەڵێ: گیرەکە ڕێزمانییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا بەکارهێنانیان چالاکە بە هۆی ئەوەی سیستەمی دروستکردنی پەیوەندییەکانی وشەن لە ئاست فرێزو ڕستەدا، بەتایبەتی مۆرفیمەکانی کار وەک(دە،ب،ر،ی...) بۆ نمونە(دە) زیاتر بەکاردێت لەجۆرەکانی تر ،وەک:

- دەبەم، دەسووتێ، دەسووتا...

نوسەر بەهەمان شێوەی سەرەوە بە مۆرفیمی کار و بەگیرەکی ڕێزمانی ناوی دێنێ ، جۆرەکانی تر باس ناکات.

- قیس کاکل لە نامەی ماستەرەکەیدا کە بە ناونیشانی (تیۆری کردە قسەییەکاندا)یە، لە بابەتی جۆرەکانی ڕستەدا بەتایبەتی لە ڕستەی فەرماندا دەڵێ: فەرماندانی نا ئاشکرا بۆ هەموو کەسەکان دەبێت یاخود بە گۆڕینی مۆرفیمی (دە)ی ڕانەبردوو بۆ (ب) فەرماندان دروست دەبێت ،وەک:

- دەخۆم ---- بخۆم.

-دەخۆین----- بخۆین.

هەروەها لە لاپەڕە (٢٧) لە فەرماندانی ئاشکرادا مۆرفیمی(دە)ی بە پارتیکل داناوەو کە بۆ تەکید کردن بەکار دێ، وەک: دەبڕۆ، دەبڕۆن، دەمەڕۆ،دەمەڕۆن.

نوسەر لە کاتی ڕانەبردودا /دە/ی بە مۆرفیمی ڕانەبردوداناوە، کەچی ئەم مۆرفیمە روکاری بەردەوامیە کە لە ڕابردوی بەردەوامیشدا بەرچاو دەکەوێت، نەک مۆرفیمی ڕانەبردو.هەروەها باسی ئەرکێکی تریشی کردوە ئەویش بە پارتیکل ناوی بردوە کە بۆ جەختکردنەوە بەکاردێ لەگەڵ کاری فەرماندادا.

- ڕەفیق محەمەد شوانی لە کتێبی ئەو وشانەی لەچاوگەوە وەردەگیرێن لە بەشی دووەم لاپەڕە ٧٢ (دە)ی بە نیشانەی داناوە ئەم نمونانەشی هێناوەتەوە:

- دە-١ی: نیشانەی ڕانەبردویی، دەکەم ، دەنوسم.

- دە-٢ی: نیشانەی ڕابردوی بەردەوامی، دەخوارد.

نوسەر ئەم مۆرفیمەی بە نیشانە ناوبردوە ، کە تەنیا یەک ئەرکی دەستنیشان کردوە، باسی ئەرکەکانی تری نەکردوە.

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی  کارەکانی پێشوو:

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە کارەکانی پێشتر تێبینی دەکرێت چەند خاڵێکی گشتین کە زۆربەی بەرهەمەکان دەگرێتەوە ، لەوانە:

١-هەریەک لە نوسەرەکان زاراوە و ناوی جیاجیایان بۆ هەمان کەرەستە بەکارهێناوە، لەوانە:( ئادات، پێشگر، پیت، نیشانە، ئامراز، مۆرفیم، گیرەک....)، بەڵام ئێمە وامان پێ باشبو بە مۆرفیم ناوی بێنین، چونکە زاراوەی مۆرفیم گشتگیرترە کە وشە و ئامرازیش دەگرێتەوە.

٢-زۆربەی نوسەران تەنیا باسی /دە/یان کردوە  وەک پێشگری کاری ڕانەبردو، کەچی خۆی رۆڵی مۆرفیمی بەردەوامی دەگێری لەگەڵ کاری ڕانەبردو رابردوی بەردەوامدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- زۆربەی نوسەران تەنیا باسی یەک ئەرکی ئەم مۆرفیمەیان کردوە، ئەرکەکانی تری ئەم مۆرفیمەیان فەرامۆش کردوە،

٤- زۆربەیان باسی ئەم مۆرفیمە دەکەن وەک پێشگر یان ئامراز......واتە وەک مۆرفیمێکی بەندی رێزمانی، بەڵام ئەم مۆرفیمە بەشێوەی تریش دەردەکەوێ وەک مۆرفیمی بەندی دارشتن و مۆرفیمی سەربەخۆ ومۆرفیمی ڕەگ .....

بەشی دوەم

ڕۆڵی مۆرفیمی (دە) لە زمانی کوردیدا

تەوەری یەکەم/مۆرفیم وجۆرەکانی مۆرفیم

سەرەتا:

مۆرفیم/ بیری مۆرفیم لە سەرەتای چلەکاندا هاتە کایەوە لەئەنجامی گەڕانی زمانەوانان بە دوای دۆزینەوەی دانەیەکی زمانی لە ئاستی ڕێزماندا ،دوای داهێنانی بیری فۆنیم لە کۆتایی سییەکاندا، بیری سەرەکیش ئەوەبوو دانەیەك بدۆزنەوە هەموو کەرەستەیەکی رێزمانی پێ شیبکرێتەوە یان هەموو رێزمان بگۆڕن بۆ ئەم دانەیە . لە نێوان سالآنی( 1940-1950)دامشت و مرێکی زۆر هەبوو دەربارەی مۆرفیم و پێناسەی مۆرفیم و سوودی مۆرفیم. وازهێنان لە وشەو دانان بە دانەیەکی وورد دەگەرێتەوە بۆ ئەم گیرو گرفتانەی کە لە پێناسەی وشەدا بەرەنگاری دەبین.

مۆرفیم/ بچوکترین دانەی واتاداری زمانە یان خاوەن ئەرکی زمانە.

تایبەتیەکانی(مەرجەکانی) مۆرفیم:

1- بچوکترین دانەیە کەرت ناکرێت بۆ پارچەی بچوکتر. وەك جەژن...

2- دەبێ واتاداربێت یان ئەرکی هەبێت. دار، ەکە..

3- تاراددەیەك دەبێ لە دەوروبەری جیاوازدا(ژینگەی جیاواز) دووبارە ببێتەوە. وەك هەڵکرد، هەڵخست، هەڵدا..

4- بوونێکی فیزیکی هەبێت.

ئەم تایبەتیانە وەك یەك گرنگ نین، بوونی یەکێ لەم تایبەتیانە بەسە بۆ ناسینەوەی مۆرفیم. بە پلەی یەك ئەوەی گرنگە لە تایبەتیەکانی مۆرفیم کەرت نەبوونە ئینجا دوویات بونەوەیە بە پلەی سێ واتا

یان ئەرکە بە پلەی چوار بوونێکی فیزیکی هەبێت. باوەڕ بوون بە مۆرفیمی سفر ئەوەیە کە بوونی فیزیکی نییە: وەك - ئەو هات Ø مۆرفیمی سفرە بوونی فیزیکی نییە.

- جۆرەکانی مۆرفیم:

1-مۆرفیمی سەربەخۆ/ ڕەگەزێکی واتاییە کە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ وەردەگرێ(ویدۆسن. هـ، ٢٠٠٨،١٤٠) یان بچوکترین دانەی واتاداری زمان  لە شێوەی وشەیەکی سادەدا دەردەکەوێ، واتە ئەم مۆرفیمە سەربەخۆیانە کەرتناکرێن، چونکە هەموو کەرتکردنێك دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی یان شێواندنی واتاکەی . وەك ( باخ، ئاسن، دار،....) وشە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە.

2- مۆرفیمی بەند/ ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەرگیز بە تەنیا دەرناکەون لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆدا دەردەکەوێت وەك( هەڵ، دا، بە، بۆ، ەکە، ێك، ترین.......)

مۆرفیمی بەند دەکرێت بە دوو جۆر:

أ- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی/ ئەو مۆرفیمانەن کە بەشداری لە سازبوون و ڕۆنانی وشەدا ناکات، بەڵکو دەست نیشانی حالەتێکی ڕێزمانی دەکەن وەك(ەکە، ێك، ان، تر، ترین،.....)

کورەکە، کورێك، کورا، باشتر، باشترین،......)

ب- مۆرفیمی بەندی داڕشتن/ ئەو مۆرفیمانەن کەبە تەنیا دەرناکەون واتایان نییە، بەڵکو ئەرکی دروست بونی وشەی نوێ دەگەیەنێ کە دەچنە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ وشەکە لە سادەوە دەگۆڕن بۆ ناسادە هەروەها واتایەکی نوێ دەهێننە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە(فەرهادی، ٢٠٢٠، ٣٦) ئەم مۆرفیمانە بە پێی شوێنەکانیان ناویان لێ نراوە ئەوانەی کە دەچنە پێش مۆرفیمە سەربە خۆکەوە پێیان دەوترێت (پێشگر) بەڵام ئەوانەی کە دەکەونە بە شی دواوەی مۆرفیمە سەربەخۆکەوە پێیان دەوترێت(پاشگر) وەك:

ئاسن+گەر ← ئاسنگەر

دار+ستان ←دارستان

باخ+ ەوان ←باخەوان

نە+ خۆش ←نەخۆش

بە+هێز ←بەهێز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازی نێوان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی و دارشتن

1-مۆرفیمی بەندی دارشتن پۆلی وشە دەگۆرێ، بەڵام مۆرفیمی بەندی رێزمانی پۆلی وشە ناگۆرێ وەك - نووس+ ەر =نووسەر

-چاك+ ە ← چاكە

- پیاو +ەكە ← پیاوەكە

- جوان+ تر ← جوانتر

- شەرم+ ن ←شەرمن

2- ئەگەر هەردووكیان بەیەكەوە بێن مۆرفیمی بەندی دارشتن بە بەردەوامی بەرەو ناوەوەی ڕەگ دەكشێ، بەڵام مۆرفیمی بەندی رێزمانی دوای مۆرفیمی دارشتن دەكەوێت، بەرەو دەرەوە دەكشێ وەك:

– دارستانەكە

- هۆشمەندەكان

3- مۆرفیمی بەندی رێزمانی بڵاوە رێك وپێكە ناوێزەی تێ ناكەوێ، بەڵام مۆرفیمی دارشتن دیاردەیەكی تەسكە ناوێزەی سیمانتیكی ومۆرفۆلۆژی زۆر تێ دەكەوێ بۆ نمونە:

ڕەگی كار كاتێ دەكەین بە رانەبردوو یاسای رێك و پێكە – نووسی( دەنووسی) هیچ كارێ نیيە پێی بلێین بەردەوامی(دە) ی لە گەڵدا نەبێ هەروەها نەفی(نە، نا، مە) هەر بەكاردێ هیچ كارێ نابینی كەسەر پێچی بكات، بە پێچەوانەشەوە مۆرفیمی دارشتنی وەك(یار، ەر، كەر،...) تێبینی ئەوە ناكرێ كە لە گەڵ كام كەرەسە دێت( واتەناتوانین دەست نیشانی ئەو كەرەسانە بكەین كەكام پاشگر وەر دەگری9:

-28 جوتیار

-29 نووسەر

-30 كارەكەر

4-لە زمانی كوردیدا هەمو مۆرفیمێكی دارشتن سترێسیان لە سەرە كاتێ دەچێتەسەر ئەو وشەیەی هێزەكە لە هەر شوێنێ بێ رای دەكێشێ بۆ خۆی، بەڵام مۆرفیمی رێزمانی زۆركەم دەتوانێ هێزی وشە رابكێشێ بۆ نمونە:

- دار+ستان= دارستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- جووت+ یار= جوتیار
- دارستانەکە
جوتیارەکان

مۆرفیمی ڕەگ/ئەو بەشەی وشەیە کە دەمینێتەوە دوای لابردنی هەموو مۆرفیمە بەندەکان(گیرەك) زۆربەی مۆرفیمی ڕەگ تایبەتە بە چاوگەوە وەك:

31- خەوتن ________ خەو
32- کەوتن ________ کەو
33- خوێندن ________ خوێن

مۆرفیمی ریشەیی (بنجی) / بچوکترین بەشی وشەیە کە مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت بەشی هەرە زۆری ئەم مۆرفیمانە بە شێوەی سەربەخۆش خۆیان دەنوێنن و واتا دەبەخشن هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ جار لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی سەربەخۆ ناو دەبرێ وەك:

34- سەوزایی ______ سەوز
35- باخچەکان ______ باخ
36- تاریکایی ______ تاریك

مرفیمی پەیوەندی/ ئەو مۆرفیمە یاریدەدەرانەن کە مانای خودیان نییە،بەڵام لە لێکدانی مۆرفیمە سەربەخۆکان هاریکاری دەکەن وەك:

37- گوڵە باخ
38- لەرزوتا
39- گوڵبەدەم

مۆرفیمی تواوە/ هەندێ مۆرفیم زیاتر لە واتایەکی لەناو بۆتەی خۆیدا تواندۆتەوە، واتە هەندێ مۆرفیم بریتیە لە کۆی چەند واتایەك وەك:

جێناوەکان (من،تۆ، ئەو....)

مۆرفیمی بەتاڵ/ ئەم جۆرە مۆرفیمە ئەرکی نییە لە خۆیەوە دێتە ناو وشە و ڕستەوە وەك: بکەرەوە

بخۆرەوە

مۆرفیمی سفر/ بە پێچەوانەی مۆرفیمی بەتاڵە واتە لە شێوەدا بە دیار ناکەوێ، بەڵام ئەرکی هەیە وەك:

هات Ø

چووØ

تەوەری دوەم/ ڕۆڵی مۆرفیمی (دە) لەزاری کوردی ناوەڕاستدا

**سەرەتا:**

ئەگەر ئێمە بە دوای ئەرک و جۆرەکانی مۆرفیمدا بگەرێین ، دەبینین، کە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مۆرفیم هەن ڕۆڵی گرنگ و چالاکیان هەیە لە ئاستەکانی زماندا بەتایبەتی لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا، مۆرفیمی (دە) ش یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە لە ڕوی بەکارهێنانەوە زۆر چالاکە لە ئاستی ڕێزماندا، بە تایبەتی لە زاری کوردی ناوەڕاستدا. ئەم مۆرفیمە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ و جیاواز دەبینێ لەم زارەدا، وەک ئەرکی مۆرفیمی بەند،مۆرفیمی سەربەخۆ، نیشانەی پڕاگماتیکی، ئامرازی پەیوەندی،جێناوی چەندێتی،....... کە لە خوارەوە ئەرکەکانمان بەنمونەوە دەستنیشانکردە:

١-**مۆرفیمی (دە) ڕۆلی مۆرفیمی بەندی داڕشتن دەبینێ،** مۆرفیمی بەندی داڕشتن: ئەو مۆرفیمانەن کەبە تەنیا دەرناکەون واتایان نییە، بەڵکو ئەرکی دروست بونی وشەی نوێ دەگەیەنن، کە دەچنە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ وشەکە لە سادەوە دەگۆڕن بۆ ناسادە، هەروەها واتایەکی نوێ دەهێننە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە، ئەم مۆرفیمانە بە پێی شوێنەکانیان ناویان لێ نراوە ئەوانەی کە دەچنە پێش مۆرفیمە سەربەخۆکەوە پێیان دەوترێت (پێشگر) بەڵام ئەوانەی کە دەکەونە بە شی دواوەی مۆرفیمە سەربەخۆکەوە پێیان دەوترێت(پاشگر) وەك:

- پێشگری (دە) + ناو ← ناو

دە + مار ← دەمار

دە+لینگ ← دەلینگ

دە+ نوك ← دەنوك

- ناو + دە :

شە+ دە ← شەدە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

با+دە ←بادە

قون +دە← قوندە

- بە **<u>شەدەی</u>** لار و کراسی کـــــــــــەتان

وەک مانگ کەتانی جەرگیان ئەسووتان ( پیرەمێرد، ١٨٤)

- <u>ئاوەڵناو+ دە :</u>

کون+دە← کوندە

- کەوتە بارینێکی وا، ئاوی بە خـــــــــــورەو لێ پژا

وات دەزانی، دەرکی **<u>کوندە</u>**ی سەر بەرەوژێر هەڵرژا (پیرەمێرد، ١٣٧)

- <u>رەگ+دە:</u>

مر+دە←مردە

خەن+ دە ← خەندە

رەن+ دە←رەندە

گەن+دە ← گەندە

٢- مۆرفیمی (دە) رۆلی مۆرفیمی بەندی رێزمانی دەبینێ ، کە ئەو مۆرفیمەیە بەشداری لە سازبوون و رۆنانی وشەدا ناکات، بەڵکو دەست نیشانی حالەتێکی رێزمانی دەکات. لەوانە:

ا-رۆلی مۆرفیمی بەردەوامی دەگێرێ لە کاری رابردوی بەردەوامی ، جا کارەکە تێپەر بێ یان تێنەپەر.وەك:

- ئێمە بە شەو **<u>دە</u>چووین** بۆ میوانی. (تێنەپەر)
- دوێ شەو، بەری بەیان بوو، **<u>دەگریان</u>** بەسەر منا (ئەرێ)

منیان کەساس ئەبینی، لە ناو دۆست و دوژمـنا (پیرەمێرد، ١٣٢)

- کەڵەشێری عەرش قوقووی **<u>نەدەهـــات</u>** (نەرێ)
- شەوی دەیجوور بوو مانگ **<u>هەڵنەدەهات</u>** (پیرەمێرد، ٢٤٧)
- قوتابییەکان راپۆرتەکانیان بەدەست **<u>دە</u>نوسی**. (تێپەر) (ئەرێ)
- قوتابییەکان راپۆرتەکانیان بەدەست **نەدەنوسی**. (نەرێ)

هەروەها ئەگەر کارەکە دارێژراو یان لێکدراویش بێت ئەم مۆرفیمی بەردەوامییەی لەگەڵدا دێت، وەک:

-ئەوان بە پەرۆشەوە ڕایان**دە**کرد. (دارێژراو) ڕاکردن

- قوتابییەکان سوێندیان **دە**خوارد. (لێکدراو) سوێندخواردن

ب-ڕۆلی مۆرفیمی بەردەوامی و ڕانەبردو دەبینێ لەگەڵ کاری تێپەڕ وتێنەپەڕی ڕانەبردوو .وەک:

- منداڵەکان دایک و باوکیان **دەنێرن** بۆ خانەی بەساڵاچووان. تێپەڕ
- گەنجەکانمان **دەچن** بۆ هەندەران.  تێنەپەڕ
- ئەگەر پێکوتە وەر نەگرین **دە**مرین.  تێنەپەڕ

٣- ڕۆڵی مۆرفیمی هاندان(ترغیب) دەبینی ، وەک:

- **دە** گوێ ڕاگرە ئەی هەردوو چـاوم

(من) سەربەستی یە نیشان و نـاوم        ( دیلان. ٥٦)

- هاتن شەهیدەکان، بەجلی سووری خوێنەوە

دایکی وەتەن. **دە** هەڵسە سڵاویان بسێنەوە        (پیرەمێرد، ١٣١)

٤- وەک مۆرفیمی ڕادە  ڕۆل دەبینێ بەتایبەتی بۆ زۆرنیشاندان (مبالغە)، وەک:

-**دە**خۆشە.

-**دە**لوسە. (هەژار،١٩٧٦، ٣٠٧)

٥- مۆرفیمی (دە) وەک نیشانەی پراگماتیکی(سا، ئیتر جا،....) بەکاردێت کە لەدەرەوەی ڕۆنانی ڕستە دەوەستێ، واتە نابتە کەرەستەیەکی بنەڕەتی ڕستە وەک:(بکەر،کار، بەرکار، تەواوکەر)، وەک:

-**دە**باشە با قسەی تۆ بێ.

- **دە**لێم گەڕێ. (هەمان سەچاوەی پێشو)

- بەسە **دە** بەسە ئیتر ناتـــوانم
- باری توانجت بێتە سەر شانم        (دیلان، ٥٦)

6- مۆرفیمی (دە) ڕۆلی ئامرازی پەیوەندی دەبینێ بەتایبەتی لە هەندێ شێوەزاری کوردی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لە شیوەزاری خۆشناوەتی شوێنی (لە) دەگرێتەوە، وەک:

- بوکێ **دە**گەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ژنەکە خوێی <u>**دە**</u> **چێشتەکە** کرد.
- **<u>دە</u>بەرت** مرم.

7- مۆرفیمی (دە) وەکو ڕەگی کار لە ڕستەدا دەردەکەوێ، مۆرفیمی ڕەگ/ئەو بەشەی وشەیە کە دەمینێتەوە دوای لابردنی هەموو مۆرفیمە بەندەکان(گیرەك) زۆربەی مۆرفیمی ڕەگ تایبەتە بە کار،وەک:

- من کتێبەکانم دە<u>دە</u>م بەتۆ.

لەم ڕستەیەدا دوو (دە) بەکار هاتوە یەکەمیان مۆرفیمی بەردەوامیە( مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیە)، بەڵام هی دووەم ڕەگی کاری (دان)ە،(مۆرفیمی ڕەگە).

-پرسیارەکان بدەن بەقوتابییەکان.

هەروەها لە چاوگی (لادان) کە ڕەگەکەی دەبێتە (لادە) لە قسەی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردێ وەکو کاری فەرمانداں ، وەک:

-ئەگەر پیاو خراپ هات مەدحی تۆی کرد
لە ڕەوشتی خـــۆت **<u>لادە</u>** دەســـــتوبرد (پیرەمێرد.٣١٥)

-خۆت **<u>لادە</u>** لە ڕێ بۆ ئەسپی تازی
با نەختێک بۆتان بکەم ڕمبازی (پیرەمێرد، ٢٦٥)

8- مۆرفیمی (دە) وەکو مۆرفیمێکی سەربەخۆ بەکاردێت، واتای ژمارە (10) دەگەیەنێ، مۆرفیمی سەربەخۆ/بچوکترین دانەی واتاداری زمان لە شێوەی وشەیەکی سادەدا دەردەکەوێ، واتە ئەم مۆرفیمە سەربەخۆیانە کەرتناکرێن، چونکە هەموو کەرتکردنێك دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی یان شێواندنی واتاکەی . وشە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە. وەک:

- لە پێشانگاکە **<u>دە</u>** کتێبم کڕی.
- لە تاقیکردنەوە هەموویان **<u>دە</u>**یان وەرگرت.
- **<u>دە</u>** ساڵ لەمەو پێش لە بورجی بطحا
ڕۆژهەڵات ضیای خـــۆی دایە بەغدا (پیرەمێرد، ٣٩٩)

-شەوێ مانگە شەوی **<u>چواردە</u>**، ناوەڕاستی بەهار

کەناری شار، هەموو لایەکی چێمەنە وگـــوڵزار (پیرەمێرد، ٢٢١)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-مۆرفیمی/دە/ڕۆلی گرنگ و چالاکی هەیە لەئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا بەتایبەتی لە زاری کوردی ناوەڕاستدا.

٢- (دە) وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ و بەند لە ڕستەی زمانی کوردیدا دەبینرێ ، بە پێچەوانەی بیروڕاکانی پێشتر تەنیا وەکو پێشگرێک دەیانناساند.

٣-ئەم مۆرفیمە بە پێی بەکارهێنانی ئەرکەکەی دەگۆڕێت.لەوانە ئەرکی مۆرفیمی بەردەوامی ، ئەرکی جەختکردنەوە، ئەرکی چەندێتی، ئەرکی پارتیکل، ئەرکی ئامرازی پەیوەنی.ئەرکی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ ، ... دەبینێت.

٤- ئەم مۆرفیمە لە ڕستەیەکدا دەتوانی بە دوسێ ئەرک ببینرێ، واتە وەک مۆرفیمی بەردەوامی وڕەگ پێکەوە بێن.

٥-ئەم مۆرفیمە دەتوانێ لە سێ شوێنی جیاوازی وشەوڕستە دەرکەوێت لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتا.

## سەرچاوەکان


- نوری عەلی ئەمین ،١٩٦٠. قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا،بەرگی دووەم، بەغدا.
- سالح حسین پشدەری (١٩٨٥) ، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا.
- ڕەفیق محەمەد شوانی، ٢٠٠٨، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ، ٢٠٠٦، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، سلێمانی.
- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی و شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی، ٢٠٢٠، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ك.ك. کوردۆییڤ، وەرگێڕانی کوردستان موکریانی، ١٩٨٤، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، الادیب البغدادیە، بەغدا.
- سەعید صدقی کابان، ١٩٢٨، مختصر صرف و نحوی کوردی، چاپخانەی النجاح. بەغدا.
- قیس کاکل، ١٩٩٦، تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

- لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠١١، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- بازیان یونس محی الدین ،2013، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی وسینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- تۆفیق وەهبی ، ١٩٧٣، ئەسلی پیتە قالبی 'ئە' ی شێوەی سلێمانی دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا.
- هـ . ویدۆوسن ، وەرگێڕانی هۆشەنگ فاروق، ٢٠٠٨، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، چاپخانەی خانی. دهۆک.

# The Role of “da” Morpheme in Kurdish Language

**Asst. Prof. Dr. Atif Abdullah Farhadi**
Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
atif.farhad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Morpheme, Bound Morpheme, Prefix, Suffix, Derivational Words.*

## Abstract

If we search after the types and function of morpheme, we can see that in Kurdish language there is a large number ofmorphemes with significant roles and actions in language. Especially, at morphological and syntactic levels. The (da) morpheme is one of those morphemes that functionally is very active in grammar which is why this study is entitled (The Role of “da” Morpheme in Kurdish Language) and dealt with it in the Kurdish central dialect in particular. This morpheme plays a number of different roles in this dialect and no scientific studieshave been done to determine its types and functions. Meaning, no specific works have been dedicated to it except for some linguistic references that have been done alongside dealing with and within other topics. Even such attention has only covered one aspect of this morpheme. Because of the lack of paying enough attention to it and the importance of its role, this morpheme has been selected to be investigated in this study as much as possible and specify its roles accordingly.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور مورفيم - ده - في اللّغة الكوردية

**ملخص:**

إذا أردنا أنْ نبحثَ في وظائفِ المورفيم وأنماطِه في اللّغةِ الكورديّة، وجدْنا أنّ هناكَ عدداً كثيراً من المورفيماتِ الّتي لها دورٌ مهمٌ وفعّال في المُستوياتِ اللغويّة كافّة، وخصُوصاً في المُستوى الصّرفي والنّحوي، ومورفيم (ده) - من حيثُ الاستعمالُ - هو أحدُ المورفيماتِ الّتي لها نشاطٌ كبيرٌ في المُستوى الصّرفي، وانطلاقاً من هذا الدّور الّذي يُؤدِّيه هذا المورفيم تواضَعْنا على تسميةِ البحثِ بـ(دور مورفيم - ده - في اللّغة الكوردية)، وخصُوصاً في اللّهجة الكورديّة الوُسطى، فهذا المورفيم يُؤدِّي وظائِفَ مهمّة ومختلفة في هذِه اللّهجة؛ وهو من المورفيماتِ الّتي لم تَحْظَ - إلى وقتِنا هذا - بدراسةٍ علميّة تُحدِّد جميعَ أنواعِه ووظائفِه، ولم يُخَصَّصْ له نتاجٌ أكاديميٌّ مستقِلّ، ما عدا إشاراتٍ مُقتضَبة من لَدُن بعضِ اللّغويّين الّذين أومأوا إلى جانِبٍ منه أثناءَ حديثِهم في مسائِلَ أُخرى، وبناءً على ذلك، ونظراً لأهميّة هذا المورفيم وأثرِه في الكلام، وقع اختيارُنا على هذا الموضوع، وقُمْنا - على قَدْر الإمكان - بدراسةِ هذا المورفيم، وتحديدِ وظائفِه المختلفة.